
### مەریەم عەبدولحەمید:

# یاریی جومناستیک زەحمەت بوو بۆ من، بۆیە رووم لە گۆڕەپان و مەیدان کرد






***چۆن هاتییە نێو وەرزش؟**

-سەرەتا کە هاتمە نێو وەرزش یاری جومناستیك-م هەڵبژارد توانیم لەم یارییـــە نوێنەرایەتیی چەند یانەیەك بكەم و لە پاڵەوانێتییەكانی كوردستان و ناوەندە وەرزشییەكان ئەنجامی بەرچاو بەدەســتبهێنم، بەڵام وەكو پێویســـت لە كوردستان بایەخ بەم یارییە نادرێت بۆیە ئەگەر سەیر بكەین، دەبینین لە كوردستان لە یاریی جومناستیك یاریزانی كچ بە كەمی بەرچاو دەكەوێت.

***بۆچی رووت لە یاری گۆڕەپان و مەیدان کرد؟**

- یاریی جومناســـتیك-م زۆر خـــۆش دەوێ، بەڵام وەكو باســـم كرد كەمی بایەخدان بەم یارییە، هەروەها ئەم یارییە زۆر زەحمەتە پێویســـتی بە مەشـــقێكی زۆر هەیە، بۆیە بڕیارم دا روو لە یاریی گۆرەپان و مەیدان بكەم.

***کــێ یاریــی گۆڕەپــان و مەیدانــی بــۆ دەســت نیشانکردی؟**

- راهێنەری یانەی هەولێر مامۆســـتا رێبوار محیەدین زۆر هانـــی دام، كە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئەنجام بدەم، منیش ئەم یارییەم دەستنیشـــانكرد و پەیوەندییم بە یانەی هەولێر كرد.

*** گرنكترین دەســـتكەوتەكانت لە یاریـــی گۆڕەپان و مەیدان چییە؟**

-لە ســـاڵی ٢٠١٣ بوومە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان و یاریی بازی بەرز-م هەڵبژارد، لـــە یەكەم پاڵەوانێتی، كە بەشـــداریم كرد پاڵەوانێتی پـــەروەردەكان بوو، توانیم پلەی دووەم بە دەســـتبهێنم، بـــەڵام گرنگترین دەســـتكەوتم لە یەكەمین بەشداری كردنم لە پاڵەوانێتیی كوردستان لەسەر

دیمانە: رێبین رەمزی



**مەریم عەبدولحەمید یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دایکبووە و پۆلی دووەمی ناوەندییە، ئەم کچە یاریزانە هەر زوو توانی شوێنی خۆی لە نێو پاڵەوانەکانی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بدۆزێتەوە و ژمارەی پێوانەیی لە یاریی خۆهەڵدانی بەرز تۆمار بکات، بەمەبەستی بایەخدان بەم کچە بەهرەدارە، ئەم دیمانەیەمان ئەنجام دا.**

ئاستی پێشکەوتووان توانیم پلەی یەکەم لە یاری بازی بەرز بەدەستبهێنم و ژمارەی پێوانەیی کوردستان بشکێنم (١,٥١)م ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ من.

*** هەستت بە چی کرد، کاتێك توانیست ئەم ژمارەیە تۆمار بکەیت؟**

- هەستم بەخۆشییەکی زۆر کرد، چونکە لە رووی تەمەن زۆر بچووك بووم، کە بەشداریم کرد توانیم لە چەند یاریزانێکی بەتوانا ببمەوە، کە هەندێکیان یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بوون و ئەزموونێکی زۆریان لەم بوارە هەیە، هەوڵ دەدەم لە مەشقەکانم بەردەوام بم بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی باشتر بە دەستبهێنم.

***تا چەند خانەوادەکەت یارمەتیت دەدەن؟**

- خانەوادەکەم پشتگیریەکی تەواوم دەکەن هەردەم پاڵپشتم بووینە و هانم دەدەن لە هەمان کاتدا یارمەتیدەرم بووینە بۆ ئەوەی بتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم و هەروەها لە وەرزشیش بەردەوام بم.

*** کێشە و گرفتان چییە؟**

- کێشەی سەرەکیی وەرزشی کوردستان بەگشتی نەبوونی یاریگای تایبەتمەند بۆ مەشقکردن یاخود بۆ پاڵەوانێتییەکان، رەنگە یاریگا هەبێت، بەڵام ئەگەر مەبەستمان پێشکەوتنی وەرزش بێت دەبێت یاریگای زیاتر درووستبکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر بۆ زیادبوونی ژمارەی کچە وەرزشوانەکان.

*** تا چەند بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان دەدرێت؟**

- ئەوەی راستی بێت بایەخدانەکە بوویتە دوو بەش، هەندێك یانە بایەخێکی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدەن و بەهیچ شێوەیەك درێغی ناکەن، بۆ نموونە یانەی هەولێر، کە هەموو پێداویستی یاریزانەکان دابین دەکات، بەڵام بەداخەوە هەندێکی تر لە یانەکان بەهیچ شێوەیەك بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان نادەن، مەبەستیان تەنیا وەرگرتنی مینحەی مانگایە.

*** چی بکرێت بۆ پێشکەوتنی وەرزشی ئافرەتان؟**

- دەبێت چەند قوتابخانەیەکی تایبەتمەندی وەرزش بۆ ئافرەتان دروستبکرێت لە گشت یارییەکان و راهێنەری بەتوانای بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی یاریزان لە تەمەنی بچووك بەشێوەیەکی زانستی مەشق بکات و ئاستی بەرزبێتەوە، هەروەها درووستکردنی یاریگا، بەڕاستی کەمی یاریگا و هۆڵ گرفتێکی گەورەیە، بەتایبەتی لە هەولێری پایتەخت.

*** هیوا ئاواتت چییە؟**

- وەکو کچە یاریزانێك حەز دەکەم بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی جیهان و ئۆڵۆمپیاد بکەم لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتی هەموو لایەك هەیە، من بروام بەخۆم هەیە، کە بتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاریی هەموو لایەك هەیە.

***دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم خانەوادەکان هاوکاریی کچەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بێنە نێو وەرزش، چونکە کچە وەرزشوانانی بەتوانامان هەیە، بەڵام کەس پاڵپشتیان ناکات یاخود کەس نایاندۆزێتەوە، بەهیوای ئەوەم وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان زیاتر بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان بدەن.

# جامی ڕۆجەرز .. نادال و سیرینا جامەکەیان بەرزکردەوە

لە هەردوو شاری مۆنتریال و تۆرەنتۆی کەنەدی یارییەکانی پاڵەوانییەتی جامی ڕۆجەرز لەیاریی تێنسی سەر زەوی لەسەر ئاستی پیاوان و ئافرەتان کۆتایی هات، ئەم پاڵەوانێتییە یەکێکە لە پاڵەوانەتییەکانی ماستەرز کە براوەکەی ١٠٠٠ خاڵ لەریزبەندی یاریزانانی جیهان وەردەگرێت،لەپاڵەوانییەتی ٢٠١٣دا هەردوو یاریزانی ئیسپانی رافائیل نادال لەسەر ئاستی پیاوان و کچە یاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز لەسەر ئاستی ئافرەتان جامەکەیان بەرزکردەوە، لەشاری مۆنتریال و لە یاریی کۆتایی پیاواندا یاریزانی ئیسپانی رافائیل نادال ڕووبەڕووی یاریزانی کەنەدی میلۆس راونیچ بۆوە، نادال ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و لەماوەی ٦٠ خولەکدا بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر لە راونیچی بردەوەو نازناوەکەی مسۆگەرکرد، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦*٢، ٦*٢) بوو، ئەوە نازناوی ژمارە ٢٥ بۆ نادال لە خولەکانی ماستەرز کە ژمارەیەکی پێوانەییە، نادال لەگەڵ جامەکە زیتر لە ٥٤٧ هەزار دۆلاری وەرگرت، بەم سەرکەوتنەش نادال پلەی سێیەمی ریزبەندی باشترین یاریزانانی جیهانی وەرگرتەوە. لەشاری تۆرنتۆ و لەیاریی کۆتایی ئافرەتاندا کچە یاریزانی ئەمریکی سیرینا ولیامز بەرامبەر کچە یاریزانی رۆمانی سورانا کریستیا یاری کرد وزۆر بە ئاسانی سەرکەوتنی تۆمارکرد، سیرینا ئاستێکی هونەری جوانی پێشکەش کرد و بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر لە کریستای بردەوەو نازناوەکەی مسۆگەرکرد، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦*٢، ٦*٠) بوو، یارییەکەش کەمتر لەیەك کاتژمێری خایاند، ئەوە نازناوی ژمارە ٥٤ بۆ سیرینا لە ژیانی وەرزشیدا وهەشتەمین نازناوە لە ساڵی ٢٠١٣دا، سیرینا خەڵاتی یەکەمی وەرگرت کە زیاتر لە ٤٢٥ هەزار دۆلار بوو، بەم سەرکەوتنەش سیرینا شوێنی خۆی لە پلەی یەکەمی ریزبەندی باشترین کچە یاریزانانی جیهان قایمترکرد.



## سامویل ئیتۆ: مۆرینهۆ

ئەستێرەی کامیرۆنی سامویل ئیتۆ هیواخوازە جارێکی دیکە لەژێر سەرپەرشتی راهێنەری پورتوگالی جۆزی مۆرینهۆ یاری بکاتەوە، ئیتۆ خاوەن گەورەترین مووچەیە لە مێژووی تۆپی پێدا بەبڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ لەساڵێکدا لەگەڵ یانەی ئانژی رووسی ئێستا لە لیستی فرۆشتن دانراوە. دوای ئەوەی خاوەن یانەی ئانژی رووسی سلێمان کوریمۆڤ تووشی کێشەیەکی دارایی هات کە ناچاری کرد سەرجەم یاریزانە ئەستێرەکانی بفرۆشێت.

## هامسیک تا ٢٠١٨ لەگەڵ

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی سلۆڤاکیا ماریك هامسیك بۆندەکەی لەگەڵ یانەی ناپۆلی ئیتالی تا سالی ٢٠١٨ درێژکردەوە، سەرۆکی یانەی ناپۆلی ئۆریلیۆ دی لۆرینتس لەلێدوانێکیدا ئەم هەواڵەی دووپاتکردەوە و رایگەیاند: هامسیك یاریزانیکی لێهاتووە و جێگای شانازییە درێسی یانەی ناپۆلی بپۆشێت.

## پڕجەماوەرترین یانەکانی جیهان مانچستەر یونایتد، بەرشلۆنە، ریال مەدرید





## راهێنەرێکی بێ هاوتایە

ئیتۆی تەمەن ٣٢ ساڵ لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ماراکای ئیسپانی گوتی : مۆرینهۆ راهێنەرێکی بێ هاوتایە، لەگەڵ زۆر لەراهێنەران کارم کردووە، بەڵام کەسیان وەك مۆرینهۆ نەبووە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، هیوادارم جارێکی دیکە لەژێر سەرپەرشتی ئەو کار و یاری بکەم، لەگەڵ مۆرینهۆ هیچ یاریزانێك هەست بەبێزاری ناکات...لەلایەکی دیکەوە ئیتۆ هەواڵی پەیوەندیکردنی بەیانەی ناپۆلی رەتدەکاتەوە.




## ناپۆلی یاری دەکات

هامسیك لەساڵی ٢٠٠٧ بەبڕی ٥،٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندیی بەیانەی ناپۆلی کردووە، پێشتریش لەیانەی سلۆڤان براتیسلاڤا دەستی بەیاریکردن کردووە، لەتەمەنی ١٧ساڵیدا و لەساڵی ٢٠٠٤ بەبری ٥٠٠ هەزار یۆرۆ بۆندی لەگەڵ یانەی بریشیای ئیتالی مۆر کردووە و لەماوەی دوو وەرزدا ١٠ گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمار کردووە دواتر پەیوەندی بەیانەی ناپۆلی کردووە. دی لۆرینتش دەربارەی هامسیك وتی : ئەو پیاوێکی گەورەیە یاریزانێکی پیشەگەری لێهاتووە .

بەپێی راپۆرتێك کە ماڵپەری سپۆرت نێت بڵاوی کردۆتەوە پێنج یانەی جیهانی ژمارەی هاندەرانیان لە ١٠٠ ملیۆن کەس تێپەڕی کردووە، یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی پڕ جەماوەرترین یانەی جیهانە دوای ئەوەی ژمارەی هاندەرانی لە ٣٥٠ ملیۆن هاندەر زیاترە، یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەپلەی دووەم هات دوای ئەوەی ژمارەی هاندەرانی گەیشتە ٢٦٠ ملیۆن هاندەر، یانەی ریال مەدرید لەپلەی سێیەم هات بەگەیشتنی ژمارەی هاندەرانی بۆ ١٨٠ ملیۆن کەس، هەریەك لە یانەکانی چێلسی و ئەرسنال ژمارەی هاندەرانیان لە ١٠٠ ملیۆن زیاترە. ئەمەش ریزبەندی ١٠ یانەی جیهانە لەرووی ژمارەی هاندەرانیەوە:-

١-یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ٣٥٠ ملیۆن هاندەر
٢-یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ٢٦٠ملیۆن هاندەر
٣-یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ١٨٠ ملیۆن هاندەر
٤-یانەی چیلسی ئینگلیزی ١٤٠ملیۆن هاندەر
٥-یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی ١١٥ ملیۆن هاندەر
٦-یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی ٩٨ ملیۆن هاندەر
٧-یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی ٧٠ ملیۆن هاندەر
٨-یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی ٥٠ ملیۆن هاندەر
٩-یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی ٢٤ ملیۆن هاندەر
١٠-یانەی یۆڤانتسی ئیتالی ٢١ ملیۆن هاندەر



# دهۆک و فەجر ئیبراهیم پێکهاتوون



بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی تیپەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك بۆساڵێکی تر متمانەی بەخشیەوە بە فەجر ئیبراهیمی راهێنەری سوری، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بارەگای یانەی دهۆك دەستەی کارگێڕیی یانەکە بۆوەرزێکی تر متمانەی بەخشیەوە بە فەجر ئیبراهیم بۆئەوەی ساڵێکی تر سەرپەرشتیی مەشقی یانەی دهۆك بکاتەوە لە خولی بژاردەی عێراقی هەر چەندە لەئێستادا چوار هەفتە ماوە بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی بۆئەوەی لەم وەرزە بتوانن ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی ئێستا بەدەست بهێنین، لەبارەی نوێ کردنەوەی گرێبەستی راهێنەری یانەکەش محەمەد عەلی ئەندامی دەستەی راگەیاندنی یانەی دهۆك بۆگۆڤاری گولان گوتی: بەمەبەستی بەهێزکردنی تیپەکەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی لە وەزری داهاتوو بتوانین رکابەری یانەکانی تری کوردستان و عێراق بکەین لە خولی بژاردە، هەر چەندە ئێستاش چەند هەفتەیەکی ماوە یارییەکانی خولی بژاردە بە کۆتایی بێت، بەڵام دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان پێی باش بوو بۆساڵێکی تر متمانە ببەخشێتەوە بە فەجر ئیبراهیم، گوتیشی دەستەی راهێنەرانی یانەکەمان وەکو خۆی دەمێنێتەوە کەبریتین لە هەریەك لە خالید محەمەد سەبار و کاوە ئیبراهیم وەکو یاریدەدەرو راهێنەری گۆڵچیەکانی یانەکە بەردەوام دەبن، لە بارەی هێنانی راهێنەرێکی هێزی جەستەیی ناوبراو گوتی: لە ئێستادا سێ راهێنەری وڵاتانی تورکیا و ئێران و ژاپۆنی لە سەر هێنانن بۆ یانەی دهۆك بەڵام یەکلایی نەبۆتەوە، راهێنەری یانەکەمان کێێ پێ باشتر بێت ئەو دەست نیشان دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەمساڵ راهێنەر بڕیاری ئەوەی داوە گۆڕانکاری گەورە ئەنجام بدات لە ریزی تیپەکەی و بەهێنانی چەندین یاریزانی پیشەگەری بەتوانا، لەبارەی ساڵح سەدیریش گوتی: تاکو ئێستا دەستەی کارگێڕی بڕیاری دوورخستنەوەی نەداوە،بەڵام راهێنەری یانە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە هیچ پێویستی بە تواناکانی ئەم یاریزانە نییە، لەبارەی بڕی گرێبەستی راهێنەری ناوبراو گوتی: تائێستا لەسەر پارە رێك نەکەوتووین دەستەی کارگێڕی کۆبوونەوە دەکات بۆدیاری کردنی بڕی گرێبەست و مووچەکەی.

# سیروانی نوێ پاڵەوانی یانەکانی سلێمانی بوو

بەسەرپەرشتیی یەکێتیی تۆپی پێی لقی سلێمانی پاڵەوانێتیی تۆپی پێی یانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری کە بە خولی رەمەزان ناسراو بوو کۆتایی هات کە هەشت یانەی نێو شاری سلێمانی و دەوروبەری شەوانە یارییەکانیان لە نێوانیان ئەنجام دەدرا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی سیروانی نوێ وپێشمەرگەی سلێمانی گەیشتنە یاریی کۆتایی خولەکە، لەسەر یاریگای ئاشتی لە شاری سلێمانی هەردوو یانەی سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو یانە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد لە یارییەکە و چەندین هێرشی یەك لەدوای یەکیان دەبردە سەرگۆڵی یەکتری بەمەبەستی بەدەست هێنانی نازناوی خولەکە، لە ئەنجامی کۆتاییشدا هەردوویانە بە گۆڵێك یەکسان بوون، گۆڵی یانەی پێشمەرگە یاریزان (دیلان سۆران) تۆماری کرد، گۆڵی یەکسان بوونی سیروانی نوێ لەرێگای یاریزان(هەردی سەیفەدین) تۆمار کرا، دواتریش پەنا برایە بەر لێدانی سزای یەك لاییکەرەوە و لە ئەنجامی کۆتاییشدا یانەی سیروانی نوێ توانی یارییەکە بە سوودی خۆی کۆتایی پێبهێنێت بە ئەنجامی (٣-١)گۆڵ نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەست هێنا،دواتریش لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبوو خەڵاتی تیپ و یاریزانە سەرکەوتوەکان دابەشکرا.

فۆتۆ/ سدیق عەوالی



# دوای ٢٢ساڵ
# عومەر مەجید دەستبەرداری هەولێر بوو



دوای ٢٢ساڵ خزمەت کردن لە ریزی یانەی هەولێر وەکو یاریزان و یاریدەدەرو راهێنەر بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی لە پۆستی راهێنەرایەتیی یانەکەو هێنانی ئەکرەم سەلمان بۆشوێنی ئەو، عومەر مەجید بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی دا لە پۆستی راهێنەرایەتیی یانەی هەولێر، لە بارەی وازهێنانی لە یانەی هەولێر عومەر مەجید بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: من دوای ٢٢ساڵ خزمەت کردن لەم یانەیە ئێستا دەستبەرداری یانەکە بووم بە شێوەیەکی فەرمی و بڕیاری ئەوەم داوە نەگەڕێمەوە یانەکە، تاکوئێستاش ئەوان هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە لەسەر دەست لە کارکێشانەوەم و قسەیان نەکردووە، لەم بارەیەوە من ناعەدالەتی زۆریشم بینیوە لە وەرزش، هەر بۆنموونە یانەی هەولێر هیچ قسەیەکی نەبوو لەسەر شکستەکانی رادان کە چەند یاری لەسەر یەکی دۆڕاند منیش یانەکەم لە بارودۆخێکی خراپ وەرگرت و یانەی هەولێرم لە پلەی هەشتەمەوە کردە پلەی سێ یەم ئەوەش دەستکەوت بوو،کەچی راهێنەری تریان هێنا، دیارە ئیدارەی یانەی هەولێر قبوڵی شکست ناکات، رادان یانەی هەولێری لە جامی ئاسیاش دوورخستەوە کەس قسەی لەسەر ئەم بابەتە نەکرد لە کاتێك من تیپێکی شپرزەم لە ئەستۆ گرت و سەرم خست بەڵام ئێمە کە راهێنەری خۆماڵین ئەوە هیچ کەس حیسابمان بۆناکات، لەبارەی داهاتووی خۆشی ناوبراو گوتی: ئەم ماوەیە پشوو دەدەم دەمەوێ بچمە خولێکی راهێنەرایەتی ئاسیا بەدەست بهێنم.